## دەسکاریکردنی چەن دێڕێکی پێشوو

ئەو چەن دێڕەی خوارەوە پێشتر بە یارمەتی بەڕێوەبەرانی چەن سایتی کوردی بڵاوکراونەتەوە، لێرەدا ئەو بەشانەی کە بە ڕەنگی شین نووسراون، پێم زیاد کردوون و هیواداریشم کەوێتەوە ژێر سایەی سایتەکان.






## دانسۆگەی فیلان

**فیلێکی گەورەی گوێ پان**
**دەهۆڵێکی کردبووە شان**
**لەسەر تاڵێکی- جاڵجاڵۆکە**
**دەهۆڵی ئەکوتا- بێوچان**

**بانگی کرد لە هاوڕێکەی**
**بردییە سەرێ بۆ لای خۆی**
**ئەویش زورنای دەرهێنا**
**خێرا – دەمی پێوەنا**

**فیلەکان زانیان– هەموو**
**هاتن– تێکڕا زووبەزوو**
**بە گۆرانی و چەپڵەلێدان**
**چوونە سەرێ بۆ لایان**

**های، های فیلەکان**
**چەن خۆشە دانسەکەتان**
**ڕێگامان با ئێمەیش**
**بێینە سەرێ بۆ لاتان**

## En elefant balanserade

**En elefant balanserade**
**på en liten, liten spindeltråd**
**Det tyckte han var så intressant,**
**så han gick och hämtade en anan elefant**

**Två elefanter balanserade**
**på en liten, liten spindeltråd**
**Det tyckte dom var så intressant,**
**så dom gick och hämtade en anan elefant**

**Tre elefanter …. osv.**

***

**Författare: Gren Nilsson**
**Illustrationer av Linus Petersson**

بە هۆی ئەوەی توانای وەرگێرانی سویدیم بۆ کوردی نییە و بۆ ئەوەی مافی خاوەنی ئەو هۆنراوە سویدیش بپارێزێت، پێویستە و دەبێ بنووسم: هێمای ئەو چەن دێڕە کوردییە لەو هۆنراوە سویدییە بەناوی: **En elefant balanserade** لە هۆنراوەکانی **Gren Nilsson** کە لە کتێبی **Elefantboken** وەرگیراوە.







# ئەسپی باڵدار

دوێنێ بەیان
دوو ئەسپی جوان
باڵیان گرتۆ
چوون بۆ ئاسمان

گەڕان، گەڕان
تێر،تێر گەڕان
بوون بە هاوڕێی
ئەستێرەکان

کە هاتنەخوار
بە چوارناڵ
بە کونەدەرزیدا
چوونەوە بۆ ماڵ

های، های ئەسپەکان
زۆر خۆشە گەشتەکەتان
جارێکی دی ئێمەیش دین
بۆ ماڵی ئەستێرەکان

***

# جهانی خەم و گیتارەکەم




له ژینی سەخت و پڕ ئێش و ئازار
پەنا ئەبەمە بەر لێوی گیتار
به دەنگی نەرم و به قاقای بەرزی
ئەگۆڕم چەرخی چەپی، چەپکردار

مانگ ئێنمە خوار بۆ کۆشی زەوی
ئەستیرە ئەدەم له پرچی خاوی
کۆلکەزێڕینەی له قەد ئەبەستم
ئەیڕازێنمەوە به هەست و نەستم

ئەیبەم بۆ کۆڕ و بەزمی دەروێشان
دەروێشی بەزمی مەی و مەینۆشان
هێننەی پێئەدەم تا له هۆش ئەچێ
خەم و خەفەتی له دڵ دەرئەچێ

پاشان بانگ ئەکەم له دۆست و یاران
دۆستانی ئەمڕۆ و یارانی جاران
نیگام ئەخەمە سەر نیگای چاویان
حەزم ئەبەمە ناو دڵی حەزیان

جا ئەمرم بەتوون له شەوێکی تار
بەڵام هەر خۆشبێ سەروەکەی گیتار
شەش تاریی گیتار دوژمنی خەمە
ئەیهاڕێ کاتێک که بێتە، گوفتار



وێنەکانی لاپەرە ٢ و ٣ له ئەنترنێت وەرگیراوە!


سەعی سەقزی
٢٠١١/٥/٢٧
qayshi@yahoo.com
sai.saqzi@gmail.com